زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر
كۆلێژی ئەدەبیات
بەشی فەلسەفە
قۆناغی چوارەم
فەلەسەفەی زانست
مامۆستای بابەت:

# پرۆگرامی توێژینەوە
# Research Programmes

(ئیمری لاکاتۆس)

Imre Lakatos (1922-1974)

- زانست بەپێی پرۆگرامی توێژینەوە کاردەکات نەک پارادایمی گشتیی بۆ زانست، وەک تۆماس کوون دەڵێت.
- لەهەر بوارێکی زانستدا، لەهەر کاتێکدا زیاتر لە یەک پرۆگرامی توێژینەوە هەیە.
- زیندوێتی و جووڵەی زانست (دینامیکی زانست) لە ئەنجامی کێبەرکێی نێوان پرۆگرامە زانستییەکان، دێتەدی.

# پرۆگرامی توێژینەوە
# Research Programmes

(ئیمری لاکاتۆس)

Imre Lakatos (1922-1974)

لاکاتۆس هەوڵ دەدات تێروانینی مێژوویی (تۆماس کوون) بگونجێنێت لەگەڵ هەوڵی (کارڵ پۆپەر) بۆ بەعەقڵانیکردنی بیرکردنەوەی زانستیی.

واتا پێشکەوتنی شۆرشئاسای زانست درووستە، بەڵام پێویستە چوارچێوەیەکی عەقڵانی هەبێت بۆ بیرکردنەوەی زانست و جیاکردنەوەی لە گەندەزانست.

# پرۆگرامی توێژینەوە
# Research Programmes

بە بڕوای لۆکاتۆس، پرۆگرامی توێژینەوە دوو پێکهاتەی سەرەکیی هەیە:

یەکەم: کرۆکی پرۆگرام، واتا ئایدیا و میتۆدە بنەڕەتیی و سەرەکییەکان. وەک یاساکانی نیوتن.

دووەم: پشتێنەی پاراستن: بیرۆکە لاوەکییەکان کە پەیوەستن بە بەکارهێنان، وەک ماددە، بونیادی گەردوون و کەرەستە ماتماتیکییەکان.

# پرۆگرامی توێژینەوە
# Research Programmes

کێبەرکێ لەنێوان پرۆگرامەکانی توێژینەوە، زامنی عەقلانیەت و پێشکەوتنی زانستی دەکات.
پرۆگرامەکانی توێژینەوە، لەکاتی ئاماژەکانی پووچەڵکردنەوە و کێشەدا، بە زیندوویی دەمێننەوە.

بە بڕوای لاکاتۆس، لە زانستدا دوو جۆر لە گۆڕان هەیە:
یەکەم: گۆڕان لەناو خودی یەک پرۆگرامی توێژینەوە.
دووەم: گۆڕان لەسەر ئاستی کۆمەڵێک پرۆگرامێکی توێژینەوە.

# پرۆگرامی توێژینەوە
# Research Programmes

یەکەم: گۆڕان لەناو خودی پرۆگرامی توێژینەوەدا:
ڕێسای ١: پێویستە گۆران تەنها لە «پشتێنەی پاراستن»دا بکرێت، نەک لەسەر ئاستی «کرۆک»دا
ڕێسای ٢: پێویستە گۆڕان لە «پشتێنەی پاراستن»دا، پێشکەوتنخوازانە بێت. (واتا مەودای بەکارهێنانی پرۆگرامەکە زیاتر بکرێت بۆ کەیسی زیاتر، مامەڵەی وردتر و توانای زیاتری مەزەندەکردن.)
ئەگەر گۆڕانەکان پێشکەوتنخوازەنە نەبوون، کەلێن و کێشەی زیاتر دەرکەوت، پرۆگرامەکە دەبێتە پرۆگرامێکی شکستخواردوو.

# پرۆگرامی توێژینەوە
# Research Programmes

دووەم: گۆڕان لەسەر ئاستی کۆمەڵێک پرۆگرامی توێژینەوە.

گۆڕانی بەرفراوان و گشتیی.

جێگەی قبوولکردنە ماوەیەک بدرێت بۆ بەرگریکردن لە پرۆگرامی توێژینەوەی شکستخواردوو، وەک دەرفەتێک بۆ چاککردنەوە.

لاکاتۆس بەڕوونی ئاماژە نادات بەوەی، لە چ قۆناغێکدا ناعەقڵانییە بەردەوام بین لە بەرگریکردن لە پرۆگرامێکی توێژینەوەی شکستخواردوو.

# نەریتی توێژینەوە
# Research Tradition

لاری لاودن

Larry Laudan, Progress and its Problems,
Towards a Theory of Scientific Growth

# نەریتی توێژینەوە
# Research Tradition

تیۆرە زانستییەکان لەچوارچێوەی نەریتی توێژینەوەدا کاردەکەن و گەشە دەکەن.

نەریتی توێژینەوە لە روانگەی لاری لاودن بریتییە لە:

کۆمەڵێک گریمانەی گشتیی دەربارەی پێکهاتە و پرۆسەکانی بوارێکی توێژینەوە، هەروەها دەربارەی میتۆدە شیاوەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەکان و دارِشتنی تیۆر لەو بوارەدا.

# نەریتی توێژینەوە
# Research Tradition

هەموو نەریتێکی توێژینەوە ژمارەیەک تیۆری دیاریکراوی تایبەت بەخۆی هەیە. هەندێک لەم تیۆرانە کاتین و هەندێکی تریش هەمیشەیین و میراتگری تیۆرەکانی پێش خۆیانن.

هەموو نەریتێکی توێژینەوە کۆمەڵێک پابەندیی میتافیزیکیی و میتۆدۆلۆجی هەیە، کە دەبنە هۆی دیاریکردنی نەریتی توێژینەوەکە و جیاکردنەوەی لەوانی تر.

## نەریتی توێژینەوە
## Research Tradition

هەر نەریتێکی توێژینەوە مێژووییەکی تایبەت بەخۆی هەیە و لەماوەیەکی درێژدا بە چەندین قۆناغی داڕشتن و پێشکەوتندا دەڕوات. بە بەراورد بە نەریتی توێژینەوە، تیۆرەکان بەگشتی تەمەنکورتن.

هەر نەریتێکی توێژینەوە ڕێنمایی تایبەت بەخۆی پەرەپێدەدات، واتا لیستێک «بکە» و «مەکە»ی متیۆدیی بۆ ئەوانەی لە چوارچێوەی ئەو نەریتی توێژینەوەیەدا کاردەکەن.

# نەریتی توێژینەوە
# Research Tradition

پرسیار:

* نەریتی توێژینەوە چییە؟

* خەسڵەتەکانی نەریتی توێژینەوە چین؟

* جیاوازی چییە لە نێوان پارادایمی زانستی، پرۆگرامی توێژینەوە و نەریتی توێژینەوە؟